# کارایی ورده شوێن لە شیعری (مەحوی)دا

## ڕێکارێکی تیۆری و پراکتیکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئەدەب

**پ.د. یادگار لەتیف شارەزووری**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان)**

**(١- ٢)**

### پێشەکی

مەحوی لە دەقە شیعرییەکانیدا مامەڵەی لەگەڵ دوو بواری زیندووی بەیەکەوەگرێدراودا کردووە:

**یەکەمیان:** (لایەنی جوانیی پەتی)؛ کە لە ڕێگەیەوە توانیویەتی کۆمەڵێک دەقی قووڵ لە ڕووی واتا و بەرز لە ڕووی زمانەوە بەرهەم بهێنێت. ئەم زمانە بەرزەی کردووەتە ئامرازێکی کارا بۆ هێنانەدی تەرزێکی نوێی نووسین لە ئەدەبی کوردیدا و بەهۆیەوە زمانی ئەدەبیی کوردیی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی قووڵتر و پێشکەوتووتر گواستەوە.

**دووەمیان:** (بواری کۆمەڵایەتی- هزری)؛ کە لە دووتوێی زمانی ئەدەبیی باڵادا بەرجەستەی کردووە. ئەو، زمانی لەناو جوانیدا، جوانیشی لەناو زماندا تواندووەتەوە؛ بە شێوەیەک کە جیاکردنەوەی ئەم دوو ڕەهەندە لە دەقەکانیدا مەحاڵە. جوانیی شیعری لەناو خستنەڕووی هزریدا تواوەتەوە و لە ڕێی تەرزە زمانە تایبەتەکەیەوە ڕێچکەی خۆی گرتووە، ئەمەش بووەتە مایەی وەرچەرخانێکی هزری و ئەدەبی و ئایینی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا.

لەناو ئەم بابەت و هزرەدا، (شوێن) وەک کارەکتەرێکی کارا ئامادەییەکی گەورەی هەیە. هۆشیاریی مەحوی بەرانبەر گرنگیی شوێن و تەماشاکردنی وەک بەهایەکی ترانسێندێنتاڵ / Transcendental) سەروو واقیع) — بە پێی دەربڕینی کانت-، تەنیا بە شوێنە گەورە و باوەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو توانیویەتی (ورده - شوێنە) پشتگوێخراوەکانی ناو زمانی ڕۆژانە بۆ ناو ڕایەڵەکانی زمانی باڵا بگوێزێتەوە و بیانکاتە کەرەستەیەکی شیعریی زۆر چالاک. ئەزموونی ژیاو و هۆشیاریی خودی، بوونەتە دەروازەی کرانەوە و تێگەیشتن لە شوێن و کاریگەرییە بەرهەمدارەکانی لە گوتاری شیعریی مەحویدا.

مەبەستمان لە ورده شوێن، ئەو ڕەگەزە شوێنییە بچووک و وردانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دێتە ڕێمان و بەکاریان دەهێنین و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانمان. بەو

پێیەی ئەدەب، بەشێکی دانەبڕوای ژیانی کۆمەڵایەتی و جوانبینی و هۆشیاری باڵایە بە خود و دەوروبەر، لەبەریەک کەوتن لەگەڵ وردەشوێنی ناو ژیانی ڕۆژانە بێبەش نەبووە. شیعری زیندووش، سەرەڕای باڵایی زمانەکەی و ئاست بەرزیی دەربڕینی، وردەکاریی ژیانی ڕۆژانە، لە ناویشیاندا، ڕەگەزیی شوێنی ورد و بچووک، دەکاتە کەرەستە و ماکی داهێنان و وێنا و وێنەی شیعری، چونکە خەیاڵی داهێنەرانە - کە سەرچاوەی وێنەی شیعری و داهێنانی ئەدەبییە - جیهانی تایبەتیی داهێنەر ڕێکدەخات، بەو پێیەی (خەیاڵ) دیاردەیەکی بوونە.

وردەکارییە بچووکەکان بە شتەکانەوە پەیوەستن و مەبەستیش لە (شت — الشيء - Thing)؛ هەر بەشێکە لە جیهانی ماددی کە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی و بوونێکی جێگیری ڕێژەیی هەبێت. لە فەلسەفەی دیاردەناسیدا، شت لەگەڵ بیرکردنەوە (Consciousness) یەکسانە، خەسڵەتی دیاریشی بریتییە لە یەکپارچەیی تەواوکەری تایبەتمەندییەکان کە بە هۆیانەوە پەیوەست دەبێت و لەگەڵ شتەکانی دیکەدا کارلێک دەکات (١)، کەواتە شت هاواتایە بۆ (ئەوەی هەیە - موجود)، ئەوجا هەستی بێت، یان هزری، بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە خەڵکی سەردەم وشەی (شت) بۆ (ئەوەی هەیە) بەکاردەهێنن. لە فەلسەفەی دیاردەناسیدا، شت هاوشانی بیرکردنەوەیە و یەکسانە پێی، چونکە چەمکی (شتێتی - الشيئية) وێناکردنی دوو بابەت دەخوازێت: یەکەمیان شتەکە بە خودی خۆی و ئەوی دیکەیان دیاردەکانیەتی (٢).

وردە شوێنی وەک (نەزارگە، بەرماڵ، پەنای دیواری، دەرگا / قاپی، سەربان، چەمەن، گەردی



مەحوی

ڕێ)، لە شیعری مەحوی-دا، کارا و ئەرکدارن، هەم ڕوونکەرەوە و پەیامن، هەم ئامرازی زمانەوانی و بەدیهێنەری جوانبینین. دەبنە دەستپێکی قەسیدە و دامەزراندنی پایەکانی گوتار. لە ئاستێکی دیکەدا جەمسەرەکانی دووریی ئیستێتیکی لەیەک نزیک دەکەنەوە، لە هەندێک ئاستی دیکەدا، زمانی گەرمی ڕۆژانە، بە گۆڕینی ڕێڕەوی بەکارهێنان، دەهێنرێتە ناو زمانی باڵای شیعری و ئاستێکی نوێی داهێنانی پێ بەدی دەهێنرێت.

سەرباری گرنگیدان بە (شوێن) و ئەنجامدانی توێژینەوەی زۆر لەسەری، بەڵام ئەوەندەی ئاگادار بم، لە توێژینەوە ڕەخنەییە ئەدەبییەکاندا ئاوڕ لە (وردەشوێن) نەدراوەتەوە. لێرەوە و لە ڕێگەی ئەم دارشتنە تیۆری و کارپێکردنە پراکتیکییەوە، دەمەوێت ڕوانگەیەکی نوێ و ڕێکارێکی نەسواوی بەکارنەهاتوو، کە لە دڵی

دەقە شیعرییەکان خۆیانەوە هەڵقوڵاوە، بکەمە پەنجەرەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی.

**١- دەستپێک و دامەزراندنی پایەکانی گوتاری شیعری**

لەم ئاستەدا و لە پێناو دامەزراندنی گوتاری شیعریدا، مەحوی پشت بە وردەشوێنگەلێک دەبەستێت کە لە رووکەشدا ساکارن وەک: (گەردی رێگا)، بەڵام ڕاستییەکەی دەبنە سەرچاوەی ئەرکی واتایی (Semantic Functionality) . ئەم کەرەستانە ڕوانگەی شیعریی شاعیر فراوان و قووڵتر دەکەن و دەلالەتە هونەرییەکانی چڕتر دەکەنەوە. ئەوەی ئەم شوێنانە دەکاتە ڕەگەزێکی باڵا، توانایی ئاخاوتنیانە لەگەڵ خوێنەری سەردەمە جیاوازەکاندا؛ چونکە (گەردی رێگا) هێمایەکی ئۆنتۆلۆژی و گەردوونی و هاوبەشە لە ئەزموونی بوونی مرۆڤدا، کە سنووری کات و شوێن دەبەزێنێت:

**گەردی ڕێی هەستاوە جێ داوا دەکا**
**بەختە! ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا!**
**وەردەگێڕێ ڕوو کە سوجدەی بەر دەبەم**
**هەی دەڵێ: کەی نوێژی ڕۆژاوا دەکا (٣)**

لەم ئاستەدا، (گەردی ڕێگا) لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژیای شوێنەوە، دەبێتە ئامرازێکی کارا بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی ڕوانگەی شیعری. لە ڕێگەی ئەم وردەشوێنەوە، سنووری نێوان جیهانی دەرەکی و ئەزموونی ناوەکی ناهێڵرێت و ڕووبەرێکی شیعری پڕ لە واتای عیرفانی دەخوڵقێنرێت، ئەمە وای کردووە شیعرەکە لە سنووری کات و شوێن تێپەڕ بێت و ببێتە گوزارشتێک بۆ ڕەگەزێکی مرۆیی هاوبەش، کە خوێنەری هەموو سەردەمەکان ڕووبەڕووی ململانێی نێوان چارەنووس و بەندایەتی دەکاتەوە.

شاعیر لە ڕێگەی گەمەیەکی دژبەرییەوە (پارادۆکسی) لە نێوان (تۆز / گەرد) و (ماڵی چاو)، ئاماژە بەوە دەکات کە نیشتنی تۆز لە چاودا کە بە شێوەیەکی فیزیکی دەبێتە هۆی کوێربوون، لای خودی هۆشیار بە سروشتی دیاردەکان، دەبێتە مایەی ئاوەدانبوونەوە و ڕۆشنبینیی دڵ. لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا، ئەم وێنەیە بۆ کێشەیەکی عیرفانی و کاتی دەگۆڕێت؛ کاتێک شاعیر سوجدە دەبات، گەردی ڕێگاکە ڕووی لێ وەردەگێڕێت و بە تانەوە دەپرسێت: (کەی نوێژی ڕۆژاوا دەکا؟). ئەم پرسیارە کراوەیەی ئاشنا بە کۆمەڵگەی موسوڵمان، نیشاندەری ڕەگەزێکی هاوبەشی مرۆییە لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەویش پرسی گەیشتنە بە کۆتایی و ئاوابوونی تەمەن (ڕۆژاوا)، لە کاتێکدا مرۆڤ هێشتا لەناو تۆزی گەڕان و سوجدەی عەشقدا تلاوەتەوە. مەحوی توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم وردەشوێنەوە، خوێنەر ڕووبەڕووی ململانێی نێوان بەخت و بەندایەتی بکاتەوە، کە زمانێکی زیندووی هەیە و لە هەموو سەردەمێکدا واتا دەبەخشێت.

لەم تێڕوانینە شیعرییەدا، شتە زۆر بچووکەکانی وەک گەرد، یان تۆز، لە پاشماوەیەکی ساردوسڕی ماددی دەرهێنراون، کاراکراون و کراونەتە سەرچاوەی بزاوتن: گەردی ڕێی هەستاوە جێ داوا دەکا. گەرد لێرەدا دەبێتە دامەزرێنەری ماڵ: ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا.

دەرکەوتەیەکی دیکەی کارایی وردە شوێن لەم تێڕوانینەدا، دیاریکردنی ئاراستەی شوێن و پیرۆزییەتی، کە لە سوجدەبردن و ڕۆژئاوادا دەردەکەوێت؛ جووڵەیەکی شوێنیی بەرەو خوار (زەوی). کاتێکیش مەعشووق ڕوو وەردەگێڕێت، شوێن دەگۆڕێت. خەیاڵی کارای شیعری مەحوی

لـە نێـوان شـوێنی زەوی (سـوجدە) و شـوێنی ئاسمانی (ڕووی مەعشـووق)دا نێوانگیری دەکات. هـەر لەباسـکردنی (نوێـژ و ڕووکردنـە ڕۆژئـاوا) کـە واتـای نوێـژی مەغریبیـش هەڵدەگرێـت، جۆرێکـی نـوێ لـە (پۆیتیـکای - شـیعربوونی شـوێن-کات)، دادەهێنێـت.

لـە ئاسـتی دووەمـدا، مەحـوی (گۆلێـک)، یـان (هێڵێـک) لـە زەوی کێڵـراودا دەکاتـە دەروازەی پەڕینـەوە لـە دنیـای بەئاگاییـەوە بـۆ جیهانـی خـەون و خەیـاڵ. ئـەم توخمـە شـوێنییە دەبێتـە ئامرازێـک بـۆ دەربڕینـی ئومێـد و گەشـبینی بـە فـەڕ و پێشـهاتی دڵخۆشـکەر:

**خودا بیدا، لە هێڵێکی دەدا، سەیری هەیە ڕێکەوت**
**وەنـەوزم دا، نیگارم هاتـە خـەو، ئەمشـەو خـەوم پـێ کـەوت**
(٤)

دیمەنـە شـیعرییەکە توخمێکـی سـادەی نـاو ژیانـی کشـتوکاڵی و گوندنشـینی، واتـە (هێـڵ، یـان گـۆل لێـدان) لـە زەوییەکـی کێڵـراودا، دەکاتـە کەرەسـتەیەکی شـیعریی بـەرز بـۆ دەربڕینـی دووری نێـوان مـاددە و واتـا. لـەم ڕوانگـە شـیعری و دنیابینییـە سـنووربەزێنەدا، ئـەم هێڵـە لـە ڕووبەرێکـی فیزیکـی بـۆ چاندنـی تـۆوەوە، دەبێتـە دەروازەی پەڕینـەوە لـە جیهانـی هەسـتپێکراو و ماندووبوونـی ڕۆژانـەوە بـۆ جیهانـی خـەون و دیـداری مەعشـووق.

شـاعیر لـە نیـوەی یەکەمـی بەیتەکـەدا، ئامـاژە بـە ڕێکـەوت و بەخششـی خودایـی دەکات کـە لـە هێڵێکـی زەویـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، بـەڵام دەسـتبەجێ لـە نیـوەی دووەمـدا، ئـەم ڕاسـتییە فیزیکییـە، بـۆ ڕاسـتییەکی دەروونـی دەگۆڕێـت؛ کاتێـک لـە تەنیشـت ئـەو هێڵـەدا چـاوی دەچێتـە خـەو (وەنـەوز)، وێنـەی مەعشـووقەکەی لـە خەونیـدا بەرجەسـتە دەبێـت. لێـرەدا، مەحـوی (هێـڵ) وەک هێمایـەک بـۆ ئومێـد و فـەڕ بەکاردەهێنێـت؛ هـەروەک چـۆن جووتیـار چاوەڕێـی سـەوزبوونی تۆوەکەیەتـی، شـاعیریش چاوەڕێـی شـینبوونی خەونـی دیـداری یـارە، ئەمـە بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە لـە ئەزموونی شـیعریی مەحوی-دا، بچووکتریـن وردەکارییەکانـی سـەر زەوی دەتوانـن مـرۆڤ بـەرەو فراوانتریـن ئاسـۆکانی دڵخۆشـی و واتـای گەردوونناسـی (Cosmology) ببـەن.

لە ئاستێکی کارای دیکەدا، مەحوی وردەشـوێنێکی بچووکتـر دەکاتـە توخمێکـی کارا، ئەویش (دامان)ـە، کـە لـە هەمـان کاتـدا ڕەهەندێکـی شـوێنی و مرۆییـە:

**مەتڵەبت گەر یارە، هەر سەعیت بەکارە دائیما**
**بۆ تەوافی قاپییەک وا بەرزەدە دامانی ڕۆژ**
**ماهەکەم ئەمشەو شوکر پڕتەوفشایی خانەیە**
**قـەت لـە دەرگا دەردەچـم گـەر بێتـە ئـەم سـەریانە ڕۆژ**
(٥)

لـە ئاسـتی شـیکاریی فینۆمینۆلۆژیـای شـوێندا، مەحـوی وردەشـوێنێکی چـڕ و دەروونـی دەکاتـە چـەق و بزوێنـەری دەقەکـەی، ئەویـش (دامان)ـە. ئـەم وشـەیە لـە زمانـدا ئاماژەیـە بـۆ خـوارەوەی (کـراس، یـان جلی کـوردی) و (بنار، یان قەدپاڵی چیـا)، لـە ڕووی مەجازیشـەوە بـۆ (پەنابـردن) بەکاردێـت. لـە ڕوانگـە شـیعرییەکەوە، دامـان زۆر کارا کـراوە، بووەتـە خاڵـی بەیەکگەیشـتنی بەرزەفـڕی و دەسـت پـێ نەگەیشـتن. شـاعیر وەک ئاسـۆیەکی بـەرز و دەسـتنەکەوتوو ئامـاژە بـە (دامانـی ڕۆژ) دەکات کـە تەنیـا بـە کۆشـش (سـەعی) و هەوڵـی بـەردەوام (دائیمـا) تـەواف دەکرێـت.

ئـەم وردەشـوێنە لای مەحـوی ڕەهەندێکـی مرۆیـی وەردەگرێـت و نیشـاندەری ئـەو سـنوورەیە کـە مـرۆڤ تێیـدا لەبـەردەم گەورەیـی مەعشـووقدا (دامـاو) و بێدەسـەڵات دەبێـت. شـاعیر لـە نیـوەی

دووەمـی بەیتەکانـدا، مـاڵ و مانـگ (پرشـنگ) دەبنـە دووانەیەکـی یەکتـر تەواوکـەر، ڕوخسـاری پرشنگداری یار وێنەدەکێشێت، (ڕۆژ)ـیش دەبێتە توخمێکی بێگانـە کـە ئەگـەر بێتە سـەر (سـەربان)، خـودی بەئاگایـی لـە (دەرگا) دەردەچێـت. لێـرەدا، (دامان) و (دەرگا) و (سەربان) دەبنە سێگۆشەیەکی شـوێنی کـە ململانێـی نێـوان ڕووناکییەکـی کاتـی (ڕۆژ) و ڕووناکییەکـی بەردەوامـی (یـار) نیشـان دەدەن. مەحـوی توانیویەتـی لـە ڕێگـەی ئـەم (دامان)ـەوە، دووریـی نێـوان عاشـق و مەعشـووق بکاتـە ئەزموونێکـی شـوێنیی چـڕ، بـە کۆششـکردن (سـەعی) نەبێـت، نەتوانێـت بـە هیـچ شـتێکی تـر بگاتـە ئـەو قاپییـە بـەرزەی کـە ڕۆژیـش لای ئـەو تەنیـا وەک داوێنێکـی نـزم و کاتـی دەردەکەوێـت.

**٢-وردە شوێن و دووریی ئیستێتیکی:**

دووریـی ئیسـتێتیکیی زاراوەیەکـە لـە زاراوەکانـی (ئیسـتێتیکی وەرگرتـن Aesthetics Reception)، بـە دیاریکـراوی ئـەم زاراوەیـە لـە ڕەوتـی ڕەخنەیـی (هانـز ڕۆبـەرت یـاوس Hans Robert Jauss)ـی سەرمەشـقی ئـەم ئاراسـتە ڕەخنەییـە گەڵاڵـە بـوو، کـە لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـوردوودا لەنـاو قوتابخانەی (کۆسـنتانز بـۆ توێژینـەوەی ئەدەبـی Konstanz School of Literary) و بەدیاریکـراوی لەنـاو زانکـۆی کۆسـنتانز لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوای ئەوسـادا سـەری هەڵـدا.

مەبەسـت لـە دووری ئیسـتێتیکایی (المسـافة الجمالیـة Aesthetic Distance) نـا یەکانگیرییـە لـە نێـوان ئـەوەی دەق پێشکەشـی دەکات، لەگـەڵ ئـەوەی خوێنـەر چاوەڕوانیەتـی (٦). (یـاوس) پێـی وایـە؛ کرداری چاوەڕوانی، نیشـانە هونەرییەکانی دەق و جۆری کاریگـەری و پلەکانی دیـاری دەکات. ئـەو نایەکانگیریـەش دەبێتـە باشـترین پێـوەر بـۆ دیاریکردنـی ئیسـتێتیکای ئـەدەب و کار دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی چەندێـک دەق لـە ڕێژنـەی پێـوەری خوێنـەر دەربچێـت و چەندێـک بتوانێـت ئاسـۆکانی بگۆڕێـت، ئەوەنـدە دەقەکـە بـە جـوان و بـەرز و بـاڵا دادەنرێـت، چونکـە چەندێـک شـکاندنی ئاسـۆی چاوەڕوانـی بەهێـز بێـت، ئـەو دەقـە هێنـدە بەهـا و ئـەرزش و وێناکردنەکانـی بەهێـزە (٧).

دووریـی ئیسـتێتیکی، توخمێکـی سـەرەکیی زمانـی بـاڵای شیعری مەحوییە. بەڵکوو دەتوانین بڵێیـن، پێچەوانەکردنـەوەی ئاسـۆی چاوەڕوانیـی خوێنـەر، لـە هـەرە دیـاردە هونەرییـە باڵاکانـی پۆیەتیـکای مەحـوی-یـە؛ ئـەوەش بـە پشـت بەسـتن بـە وردەشـوێنی وەک: (دەر)، (کـۆڵان)، (بـەر دەرگـە) و (بـەر قاپـی):

**وتـم بـا لـەم دەر و لـەم کۆیـەدا ئانێ سکوونەت کەم**

**وتـی: عاشـق دەبێ هـەر دەربـەدەر بێ، کۆ بـە کۆ بـڕوا**

**ڕەقیـب دەرکـە، ئـەم بەردەرکـە پاکـە پیـس ئـەکا، فەرمـووی:**

**کە بەم بەرقاپییە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا!**

**وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین**

**جەنابـی مـن کـە دەرکەوتـم، دەبێ تەشـریفی تـۆ بـڕوا** (٨)

پێچەوانەکردنـەوەی ئاسـۆی چاوەڕوانـی، وەک بنەمایەکـی سـەرەکی بـۆ دروسـتکردنی (دووریـی ئیستێتیکی) لـە تێکستەکەدا کراوەتـە بنەمـا، بـە جۆرێـک وردە شـوێنەکان: (دەر، کـۆ، بەردەرکـە، بەرقاپـی) لـە جیاتـی ئـەوەی شـوێنی حەسـانەوە بـن، دەبنـە شـوێنی ململانـێ و وەرچەرخانـی دەلالـەت و وێناکـردن. لـە کاتێکـدا خوێنـەر بەپێـی

نەریتی باو چاوەڕێ دەکات (کۆڵان و دەرگە) ئارام بەخش و لەخۆگر بن، مەحوی ئەم ئاسۆیە تێکدەدات؛ کاتێک داوای (سکوونەت) دەکات، وەڵامی دوێنراو بە (دەربەدەری) دێتەوە، کە ئەمەش یەکەمین دووریی نێوان چاوەڕوانیی وەرگر و بەدیهاتنی دەقە. ئەم نا یەکانگیرییە لە ئاستی (بەردەرکەدا) قووڵتر دەبێتەوە؛ کاتێک خوێنەر چاوەڕێی سڕینەوەی پیسیی (ڕەقیب) دەکات، مەعشووق ڕەقیب وەک سەگێکی پێویست بۆ پاراستنی (بەرقاپی) دەبینێت، ئەمەش دەرچوونێکی توندە لە ڕێژنەی پێوەری باوی خوێنەر.

لووتکەی ئەم دوورییە ئیستێتیکییە لە وێنەی (خۆر و سێبەر)دا بەدی دێت؛ کە لە ناویدا وردە شوێنی (بەرقاپی) لە شوێنی (دیدار)ەوە دەگۆڕێت بۆ شوێنی سڕینەوەی یەکێک لە پێناو ئەوی تردا. بەم پێیە، مەحوی توانیویەتی لە ڕێگەی پێچەوانەکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر دەربارەی شوێن و پێوەندییەکان، بەهایەکی هونەریی باڵا بە دەقەکەی ببەخشێت، چونکە چەندێک دابڕان لە پێوەری ئاسایی خوێنەر زیاتر بێت، دەقەکە لە ڕووی پێکهاتە و ئیستێتیکاوە بەهێزتر دەردەکەوێت.

هەروەها لە ئاستی (بەردەرکە) و (بەرقاپی)دا، دووریی ئیستێتیکی فرەتر کارایی ئەم دوو ڕەگەزە شوێنییە دەردەخات؛ چونکە خودی هۆشیار، واتا سەرەکییەکانی شوێن ژێراوژوور دەکاتەوە، کاتێک پیسی (ڕەقیب) دەکاتە پاسەوانی پاکی (بەرقاپی). ئەم نایەکانگیرییە توندە لە نێوان چەمکی پاکی و پیسی لە شوێنێکی دیاریکراودا، خوێنەر ناچار دەکات ئاسۆی تێگەیشتنی خۆی بگۆڕێت و ڕوانگەی لە واتایەکی باوەوە بۆ واتایەکی باڵای ناباو بگوێزێتەوە. هێنانەدی نابـاوی داهێنەرانە، کرۆکی کارایی بەرهەمی ئەدەبییە، لەم سۆنگەیەوە، ڕەخنەگرانی تیۆری وەرگرتن و لە سەرووی هەمووشیانەوە (یاوس)، بەهای دەق و هونەرییبوونی باڵایان بەستووەتەوە بە ڕادەی لەخۆگرتنی ئەو لادانانەی کە لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەردا بەریەک دەکەون، هەروەها گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر؛ هەر بۆیە دەق ئەو کاتە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات کە پێوەرە باوەکان بگۆڕێت، (ئایزەر)یش دەڵێت، ئەدەب دەبێتە شتێکی پووچ ئەگەر تەنیا لە چوارچێوەی (ئەوەی پێشتر باو بووە) دا بمێنێتەوە، ئەو پێی وایە ڕووبەری لێڕاهاتوو لە ئەدەبدا، گرنگە تەنیا لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی گۆڕین بەرەو ئاراستەیەکی نابـاو(٩).

وردە شوێنی (بەرقاپی) دەبێتە خاڵی کۆتاییهاتنی (سێبەر) لە بەردەم (خۆر)دا؛ بەمەش مەحوی نەک هەر ئاسۆی چاوەڕوانیی ئێمە بۆ (دیدار) دەشکێنێت، بەڵکوو خودی (شوێنیش وەک کەشێک بۆ ونبوون و فەنابوون دەناسێنێت، نەک بۆ بەیەکگەیشتنی بەرجەستە، ئەمەش ئەو وەرچەرخانە ئیستێتیکییەیە کە بەهایەکی بەردەوام بە دەقەکە دەبەخشێت و خوێنەری سەردەمە جیاوازەکان بۆ خۆی کەمەرکێش دەکات و بە دەربڕینی ڕەخنەگری ئەمریکی (ڕیچاردز I. A. Richards) (هاوسەنگی دەروونیان) لەلا دروست دەکات. (هاوسەنگیی دەروونی)یش بریتییە لەو پێوەندییە گیانییەی لە نێوان خوێنەر و شیعرێکدا ساز دەبێ. ڕیچاردز پێی وابوو هەندێک جار پاڵنەرە دەروونییەکانی مرۆڤ، بەرانبەر هەلومەرجێک ئەوەندە کارایانە کاردانەوە دەنوێنن کە دەبنە هۆی دروستبوونی

ئەزموونێکی تاقانە و بێوێنە لای خوێنەر. شیعریش بۆ خودی خۆی، نواندنەوەی ئەو ئەزموونەیە (١٠).

وردە شوێنی تایبەت بە ئاوەدانی، ڕەهەندە جوانبینییەکانی شیعری مەحوی قووڵتر و بە بەهاتر دەکات، شان و شەونم و سێبەر، دەبنە ڕەگەزی کارای پێچەوانەکردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و کراوەیی دەق و لە خۆگرتنی خوێنەرانی سەردەمە جیاوازەکان:

**لەسەر شانی کەسانی دی جەنازەی من، وتی چابوو**

**ئەم ئیفتادەش لە غەم ڕسگاری بوو بۆ خۆی و سەر پێ کەوت**

**بە جیلوەی ئەو، وەکوو شەونم، فڕی هەر عەقڵ و هۆشی بوو**

**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحزەیەک لێ کەوت** (١١)

ئاوەژووکردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر، لە ڕێگەی پێچەوانەکردنی واتای (جەنازە و سەرپێکەوتن) دێتە دی؛ چونکە مەرگ کە لای ئاساییخوازان نیشانەی کەوتن و کاولبوونە، لێرەدا دەبێتە ساتەوەختی (سەرپێکەوتن) و ڕزگاربوون لە قورسایی غەم. شاعیر بە بەکارهێنانی ڕەگەزە ناسکەکانی وەک (شەونم) و (سێبەر)، تێڕوانین بۆ مردن و لە پەلوپۆکەوتن، دەگۆڕێت بۆ سەرپێکەوتن و ڕێکردن و ڕۆیشتن بەرەو ژیانێکی نوێی نەبڕاوە. «بەپێی ئەم مەعنایە قۆناغی ژیانی ئادەمیزاد لە جیهاندا بە قۆناغی قنگەنشینە و گاگۆڵکێ کردنی منداڵ و هەڵگرتنی بەسەر شانی خەڵکەوە بۆ سەرقەبران کە خەڵکەکە بە پێ دەڕۆن، بە سەرپێ کەوتن و پێ گرتن شوبهێنراوە» (١٢).

لە کۆتاییدا، وێنەی (مەحوبوونی سێبەر) لەو شوێنەی خۆری لێ دەدرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ ئامادەیی خود و وابەستەبوونی بە دۆخی شوێنی ورد و نەرمەوە، هەروەها بۆ بەدیهێنانی دووریی ئیستێتیکی کە لە ڕێیەوە مرۆڤ لە خودی خۆی خاڵی دەبێتەوە تا لە ناو ڕاستییەکی باڵاتردا ئاوەدان ببێتەوە.

بەمەش ڕەهەندەکانی دەقەکە لە سنووری کات دەردەچن، بۆ خوێنەری هەموو سەردەمەکان دەبێتە ئەزموونێکی مەعریفی بۆ تێگەیشتن لە کۆتاییهاتن و دووبارەنوێبوونەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ژیان خشانە، مەرگیش ڕاستبوونەوە و هەستانە سەر پێ، ڕێکردنە بەرەو ڕاستی، بەرەو ئەو ژیانەی دی؛ ژیانی هەمیشەیی، ئەو شوێنەی نە لاوازی تێدایە، نە نەخۆشی، نە کەموکووڕی و نە مردن؛ ژیانێکی وەرەزبوونی تێدا نییە، چونکە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، لەوێ ترسی کۆتاییهاتن، کۆتایی پێ دێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


(١) الموسوعة الفلسفية، وضع لجنة من العلماء الأكاديميين السوفياتيين: ٢٧٠.

(٢) المعجم الفلسفي بالألفاظ العربية والفرنسية والانكليزية واللاتينية: ١/ ٧١٢، ٧١٣.

(٣) دیوانی مەحوی: ٥٥.

(٤) دیوانی مەحوی: ١١٨.

(٥) دیوانی مەحوی: ١٧١.

(٦) جماليات الأسلوب و التلقي: ٩٣.

(٧) بڕوانە جماليات الأسلوب و التلقي: ١٢.

(٨) دیوانی مەحوی: ٦٨.

(٩) نظرية التلقي:٢٣١.

(١٠) معنى المعنى، دراسة لأثر اللغة في الفكر والعلم الرمزية: ٢٠٥ – ٢٠٦.

(١١) دیوانی مەحوی: ١١٩.